# هەواڵ هەواڵ

## شەری نێوان دووبرا لە بەستۆرە

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵنێرێک لەر پیرمام ،رۆژی 6 -2007-7 دووبرا بەناوەکانی (س-ع) و (م-ع) ئاغا شەر لەنێوانیان دروست دەبێ تەقە لەیەکتردەکەن. بەڵام هیچ زیانێکی لێ ناکەوێتەوە، دوای هێوەر بوونەوەی شەرەکە ماڵێ (س-ع) کەسەر بە یەکێتی نیشتانی کوردستان بووە لە کۆمەڵگەی بەستۆرە، باردەکەن ودەچنە کۆمەڵگەی پیرزین لەنزک هەولێر. ئەوەی جێگەی باسە ئەم دووبرایە لەبنەماڵەیکی دەرەبەگی شارەدێی(کۆرێ)ن وباخ وباخاتێکی زۆریان هەیە کە لەلایەن پارتیەوە بەسەر ئەندام ولایەنگرەکانی دابەشکراوە. بەهۆی ئەوەی کە ناوبراو (س-ع) یەکێتی بووە بۆ ئەو دووبرایە کێشە دروست دەبێت ناوبراو ناچار دەبێ کە لەوێ کۆچ بکات خانوەکەیان بۆ بەجێ بهێڵێ.

## ئافرەتێک دەسوتێ

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ ،رۆژی 2007-7-16 ئافرەتێکی تەمەن23 بەناوی (د-ب) بەهۆی بەهەڵەبەکارهێنانی بەنزین بۆبەکارخستنی پەرەمێزی ماڵەوەیان ئاگری تێ بەردەبێ و زۆری لەشی دەسوتێت دوای دوو رۆژ مانەوەی لە نەخۆشخانەی رانیە گیانی لەدەست دەدات .

## دووپشک گیانی سێ کەس دەکێشێ

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ ،رۆژی 17 -7-2007 لەگەرەکی مامۆستایانی شاری رانیە بەهۆی پێوەدانی دووپشک بەئافرەتێک بەناوی (ز-س) گیانی لەدەستدەدات هەربەهۆی پێوەدانی دووپشک لەرۆژی 2007-7-19 کچێک بەناوی (ئ-ح)و ولاتی (ح-ح) لەگوندی شارستێنێ گیان لەدەست دەدەن.

## کچێک خۆی دەکوژێ

بەگوەێرەی سەرچاوەی هەواڵ،لەرۆژی 15-7-2007کچێکی تەمەن 16ساڵ بەناوی (ب-خ)لەناحیەی حاجی ئاوا بەگوللە لەخۆی دەدات و دواتر بەمەبەستی چارەسەرکردن رەوانەی نەخۆشخانەی رانیە کرابەڵام دوای دوو رۆژ مانەوەی بەهۆی سەختی برینەکەی گیانی لەدەست دا.

## تەرمێکی نەناسراو دەدۆزرێتەوە

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ لەناحیەی باسرمەی سەربە هەریر ،رۆژی 2007-7-16 لەگوندی سەرکۆم لەنزیک زێگەورە (بادینان) تەرمی کچێکی نەناسراو بە شوێنراوی دۆزرایەوە کەتەمەنی نەزانراوە بەڵام سەرچاوەکە رایگەیاندکە تازە پێگەیشتووە، هەروەها وتیشی کە تەرمەکە شوێنەواری گوللەی پێوە دیارە کە چەند رۆژێک لەو شوێنە ماوەتەوە ودوای پەیدابوونی تەرمەکە کەس خۆی نەکردوە بەخاوەنی .دواتر بۆپشکنین رەوانەی نەخۆشخانەی پزیشکی دادوەری دهۆک کراوە تاکو لێکۆلینەوەی زانستی لێ بکرێت.

## منداڵێک دەکوژرێ

بەگوێرەی سەرچاوەێکی هەواڵ لە رانیە ،رۆژی16-7-2007 لەگەرەکی ناحیەی تەق تەق سێ منداڵ لەکاتی یاری کردن دا قومبەلەیکیان پێدا دەتەقێتەوە ولەئاکامدا منداڵێکیان کەتەمەنی 13ساڵە بەناوی (رێبین چەتۆ) گیان لەدەست دەدات و براکەی بەناوی (رەوەند چەتۆ) کەتەمەنی 16ساڵە دەست وقاچێکی لەدەست دەدات هەوەها منداڵەکەی تر بەناوی دانا کەریم برینداردەبێت جێگەتی باسە کەئەومنداڵانە ئەو قومبەلەیان لە نێو زبڵدان دۆزیوەتەوە.

## هێرشی گەلە گورگ بۆ(250)سەرمەڕ

بەگوێرەی سەرچاوی هەواڵ پۆلیسی دارستانی پێنجوێن، رۆژی 17-7-2007 لەگوندی هەردێنەی سنوری پێنجوێن گەلەگورگ دەدات لە250 سەرمەڕ کەلەئاکامدا نزیکەی( 26) سەرمەڕ لەڕانەکە دەخەنکێنن وشوانەکە بەناوی (ئاراس-م)بەهۆی نەبوونی چەکەوهناتوانێ بەرگری بکات و ڕادە کات، بەوتەی شایەت حاڵەکە( 13 )سەر لەومەڕانە دۆزراونەتەوە کەخنکا بوون و(13)کەی تری لەنێو دارەکان ماونەتەوە کەدیارە گورگەکان زۆر بوون.

## کچیک خۆی دەسوتێنێ

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ،لەرۆژی 19-7-2007کچێک بەناوی (ر-م)کەخەڵکی گوندی قەرەنی ئاغایە بەهۆی کێشەیکی خێزانی خۆی دەسوتێنێ، دوای دوو رۆژ مانەوەی بەهۆی سەختی برینەکەی گیانی لەدەست ئەدات .

## ناحیەی باسرمە نیگەرانن لەنەبوونی خزمەت گوزاریەکان

بەگوێرەی سەچاوەی هەواڵ ،خەڵکی گوندی باسرمە لەدەڤەری شەقڵاوە نیگەرانن لە وەی کە سەرەرای ئەوەی چوار مانگە برِیاری بەناحیە بوون بۆ شارە دیکەیان دەرچووە، بەڵام تائێستا بەرێوبەری ناحیەو خزمەتگوزاریان بۆدابین نەکراوە خەڵکی باسرمە نیگەرانن ،کەنەوەک حکومەت لەبریارەکەی پاشگەز بێت وهیچ خزمەتێکیان پێ نەکەن .جێگەی باسە کە تەنها بنکەی شارەوانی لێیە کەئەویش لەنێو خانوێکی مەدەنی دان بەکرێ و خاوەنەکەی پیانی وتووە کە یان کرێکەی بۆزیاد بکەن یان بۆی چۆڵ بکەن.

## ئاگرکەوتنەو لە دەڤەری پێنجوێن

بەگوێرەی سەرچاوێکی هەواڵ لەپۆلیسی دارستانی پێنجوێن، کات ژمێر1،30خولەکی رۆژی 2007-7-19بەهۆی کەم تەرخەمی ولاتیان ئاگرێک بەردەبێتە دەشتی برایم ئاوا ونزیکەی 30دۆنم زەوی ئاگری تێ بەردەبێ و پوش وپاوەنێکی زۆر دەسوتێن، دوای بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە تیمی ئاگر کوژێنەوەی پێنجوێن بە هاوکاری پۆلیسی دارستان و کرێکارانی فەرمانگەی غاباتی پێنجوێن ئاگرەکە کۆنترۆڵ دەکەن .خۆشبەختانە هیچ زەرێکی گیانی بەدواوەنەبووە وکەسیش لەترسا ئەو هەڵەی لەئەستۆ نەگرتووە.

## پەلاماری کارمەندێکی شارەوانی دەدرێت

بەگوێرەی هەواڵی پەیامنێرمان،رۆژی 15-7-2007لەگەرەکی بارزانی ناحیەی سۆران،چەند کەسێکی ئەو گەرەکە بەهۆی ئەوەی کە شۆفیری ئۆتۆمبێلی خاشاکی شارەوانی درەنگ دەچێت بۆ گەرەکەکەیان ،دەیگرن و لێی دەدەن وئەژنۆی دەشکێنن،شۆفیرەکە سکالایان لێ تۆماردەکات بەڵام تاوانباران تائێستا دەستگیرنەکراون ،دەیانەوێت بەپارە سولحیان لەگەڵ بکەن بەڵام شۆفێرەکە رازی نابێت ئەیەوێت سکالاکەی بچێتە دادگا،تاحەقی خۆی وەرگرێ بەمبەر ئەو زوڵمەی کەلێی کراوەو بەبێ هیچ تاوانێک ئەژنۆیان شکاندووە.

## سەرنوسەرێک دەستگیر دەکرێ

دوای ئەوەی لەهەفتەنامەی (گەرمیانی ئەمرۆ بابەتێک لەسەر هەردوو بەرێوەبەرایەتی پۆلیس گەرمیان و مافی مرۆڤی گەرمیان بەلاوکرایەوە کە ئەو دوو بەرێوەبەرایەتیە لەکاتی تەواو بوونی دەوامی رەسمیان ئۆتۆمۆبیلی فەرمانگەکەیان بەمەبەستی کاری شەخسی بەکاردەهێنن و ژمارە کەی دەگۆڕن، بەم بۆنەوەی بەرێوەبەری پۆیسی هاتوچوو لەگەڵ بەرێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤ لەدژی سەرنوسەرو خاوەن ئیمتیازی هەفتەنامەی ناوبراو لەخانەی دای شاری کەلار سکالا تۆمار دەکەن بەلام خاوەن ئیمتیازی هەفتەنامەکە بەهۆی ئەوەی کە برای شێخ محمەد شاکەلی کە وەزیری ئەوقافە دەستگیر نەکراوە، هەروەها بەرێوەبەری پۆلیسی هاتووچۆی گەرمیان رای گەیاند کە هۆکاری گۆرینی ئۆتۆمبیلەکانمان تەنها لەبەر لایەنی ئەمنی بووەو کەهاتووچۆمان پێ کردووە.

## فەرمانبەرانی پەروەردەی کەلار هەڵوێست وەردەگرن

دوای ئەوەی کە راگری کۆلیژی پەروەردەی کەلار گوێنەداتە داواکاریەکانیان فەرمانبەرانی کۆلیژی پەروەردەی کەلار لەدژی راگری کۆلیژەکە ئیمزا کۆدەکەنەوە سەرچاوەێک لە نزیک کۆلیژی پەروەردەی شاری کەلار پێی راگەیاندین کە چەندین جار داوامان کردووە لە راگری کۆلیژەکە تاکو لەم کەش و هەوا گەرمە پاسەکانمان بۆ بخاتە کار بەڵام کە دوی چوینەتەلای بەشێوازێکی ناشرین وەڵام فەرمانبەرانی داوەتەوە بۆ یە ئێمە هەڵساوین بە کۆکردنەوەی چەندین ئیمزا لەدژی راگری کۆلیژەکە بۆ ئەو هەڵسو کەوتەی کە بەرامبەر بە فەرمانبەرانی کۆلیژی کەلار کردوویەتی

## نەوتی شیواشۆک رادەگیرێت

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ پالاوتگەی نەوتی شیواشۆک کارەکانی وەستێندرا لەم بارەوە قایمقامی شاری کۆیە (کوردۆ عومەر )تایبەت بەرۆژنامەی (رۆژی گەل) ی راگەیاند: کە ئەم پرۆژەیە لەلایەن کۆپانیایەکی گەورەی ئەمریکی جێبەجێ دەکرێت کە بودجەی ترخانکراو لەیەک میارد دۆلار زیاتری تێدەچێت بەلام حکومەتی مەرکەزی عێراقی دەڵێت دەبێ ئەو بودجەیە لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرفبکرێت هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستانیش راگەیاندوە کە دەبێ ئەو بودجەیە حکومەتی مەرکەزی عێراق بۆ سەرف بکات هەروەها گوتیشی بەهۆی نەبوونی پرۆژەیاسایەکی گونجاوی نەوت ئەم کێشانە سەر هەڵدەدەن.

## سێ کەس بریندار دەکرێن

بەپێی سەرچاوەێکی هەواڵ لەشاری شەقڵاوە لەئەنجامی شەری نێوان خێزان لەسەر کێشەیکی کۆمەلایەتی سێ کەس بریندار دەکرێن و زەرەو زیانێکی گەرەوش بەماڵی یەکتر دەگەینن و شایانی باسە دوو کەس لەو بریندارانە ئێستا لەنەخۆشخانە لەژێر چاودێری پزیشکدان و دوای ئەوەش لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت.

## گەنجێک دەمرێ

سەرچاوەیەک لەنەخۆشخانەی کەلارەوە پێی راگەیاندین کە لەچەند رۆژی رابردوو لەنزیک ناحیەی رزگاری گەنجێک بەناوی (ع.ع) لەکاتی رۆیشتنیدا لەسەر ئۆتۆمبیلی تراکتۆرەوە بەبووەتە خوارەوەو کەوتووەتە ژێر تایە گەورەکەیەوە گیانی لەدەستداوە

## سێ هاوڵاتی عەرەب دەستگیرکران

بەپێی سەرچاوەێکی هەواڵ؛ رۆژی 20-7-2007 مەفرەزەێکی پۆلیسی کەرکوک بری 20000 هەزار فۆرمی بەنزینیان بەتەزویری پێبوو کە بۆکاری ساختەیی بەکریان هێناوەو بۆ فرۆشتنەوەش سودیان لێ دەبینی هەروەها سەرچاوەکە راشی گەیاند کە جگە لە فۆرمی تەزویری بەنزین رەگەزنامەو پاسپۆرتی تەزویری عێراقیان پێ گیراوە. سەرچاوەکە رای گەیاند کەئێستا ئەوان دەستگیر کراون و لەژێر لێکۆڵینەوەدان بۆ مەبەستی ئاشکراکردنی ئەو کەسانەی کە یارمەتی دەری ئەوان

## کۆنە موستەشارێک بۆ بێ گوناهی شایەت کۆ دەکاتەوە

سەرچاوێکی هەواڵ لەپیرمام پی ڕاگەیاندین کە لەدوای دەنگۆی دادگایی کردنی ئەو موستەشارانەی (کۆنەکوردە زۆڵەکان) کەبەشداربوون لەپرۆسەی ئەنفال،موستەشارێکی فەوجی خەفیفە(رەقەم 29)بەناوی(ج-ک)ئاغا کۆرێ کەلەپرۆسەی ئەنفالی دەشتی کۆیە گوایەدەستی هەبووە بۆ پاڵپشتی خۆی هەستاوە سەردانی ئەو کەسانەی کردوە کە لەو پرۆسەیە رزگاریانی کردوە تاکو لەکاتی دادگایی کردنی دا بەهانایەوە بچن هەوەها چەن کەسێکی تری دەڤەری پیرمامی ئامادەکەدوە تاکو شاهیدی بدەن بۆی کە ئەو (سلح-ش)ئامرمەفرەزەی خاسەی رژیمی کوشتوەجێگەی باسە کەئەم موستەشارە هەرلەسەرەتای شۆرشی ئەیلول جاشی بەعس بووت1991 دوای ئەوە کورێکی بەناوی(و-ج)چوەتە موسڵ تاروخانی رژێم ئەوجاگەراوەتەوە پیرمام ولەلایەن لایێنێکی سەرەکی دامەزراوەوهاوکاری کراوە.

# هەواڵی سەیر

هەواڵی سەیر

*فەرمانبەرێک بەناوی(پ) لەبەرێوەبەرێتی پەروەردەی چەمچەماڵ گوێزراوەتەو بۆشوێنێکی دیکە، لەوێ باسی گەندەڵیەکانی ناو پەروەردەی چەمچەماڵی کردووە کەرۆژانە چۆن بەپسوڵەی بێ بنەماپارە خەرج دەکرێ. مانگانە دەیان لیستی سەفەرکردن پر دەکرێتەوە ژێر بەژێر ئیمزادەکرێ و رەزامەندی لەسەر دەدرێ، بەوەشەوە ڕاناوەستن جاروبار لەناو خۆیاندا تێک دەچن هەندێ جار شەرەکانیان خەڵکی دیکەش پێی دەزانن، جاریواش هەیە فەرمانبەرێکی بێ تاوان دەبێ بەقوربانی وەکو من دەیگوێزنەوە.

*ولاتی (غ-ع-م) کەلە نەخۆشخانەی کۆماری شاری کەرکوک بەهۆی نەخۆشێکی قورسەوە لەوێ خەوێندرابوو، خێزانەکەی بەدیاریەوە بوو لەبەرواری شەوی 18-7-2007 دەمرێ شایانی باسە لەوکاتەی کە ئەو دەمرێ خێزانەکەی بەدیاریەوە نەبووە لەگەڵ یەکێک لە ئێشکگرەکاندا خەریکی کاری ناشەرعی بووە لەدوای ئەوەی کەنزیکی بەیانی دەبێتەوە دەگەرێتەوە تەماشادەکات کە مێردەکەی مردووە ....لەگەڵ دکتورەکە دەکا بەشەرو دەڵێ کەشکاتت لێ دەکەم کەتۆ دەرزی خراپت لێداوە بۆیە مردووە یان بەشێوەێک بەڵگەنامەی مردنەکەیم بۆبکەی کەبتوانم مەعاشێکی پێ وەربگرم واتە بیخەیتە سەرکارێکی تیرۆریستی..

*دوو ولاتی کورد بەناوەکانی (ن-ع)و(ن-ح) لەرۆژی 17-7-2007، یەک رۆژ دوای تەقینەوە گەورەکەی کەرکوک، لەبازگەی کەرکوک لەگەڵ پۆلیسێک دەبێتە شەریان لەسەر ئەوەی ئەمان هیچ جۆرە پشکنینێک لەبازگەکە نابینن، ئەمان بەپۆلیسەکە دەڵێن ئێوە بۆ لێرە ڕاوەستاون هەروەها بەسەر ئاماژە بەوە دەکەن و دەڵێن، برۆن ئیشتان چیە ، ئاخر ئەمە حالّتانە دوتینی کەرکوکیان سوتان، ئەویش پێی ناخۆش دەبێ دەبێتە شەریان دواتر شۆفێرەکان وخەڵکی دیکەش قسەی ئەمان تەواوە ئێوە تەنها بۆ ناو لێرە وەستاون (نان خۆرو جێگیرن) کاکەگیان ئەوە خۆی بەرپەسەکە سەیری کەن، خۆی خەریکی شەرەجنێوەو گاڵتەکردنە ئێمە گورج ناکاتەوە من چی بکەم???

*ولاتی (س-ش) کەپیرێژنێکە ودانیشتوی شاری چەمچەماڵەو فۆرمی خۆراکی گواستوەتەوە بۆ کەرکوک، رۆژی 19-7-2007 دەچێ بۆ وەرگرتنی (100) لیترنەوت، لەگۆرەپانی(حریە) لەوێ پێی دەڵێن کەنەوت ناکەینە نێو جلیکانەوە، ئەویش تکایان زۆرلێ دەکات ئەڵێ لەچەمچەماڵەوە هاتووم، بەڵام تکاکەی بێ سوود دەبێ، دوایی دەڵێ براکەم منیش وەک تۆ کوردم، ئیسلامم یارمەتیم بدەن، کورەکەش پی دەڵێ باشە عەرەب چیەتی خۆ کافر نیە؟ دەیگێرنەوە دوای دەچێ بەرمیلێک دێنێ لەماڵەوە، نەوتەکە وەردەگرێت کەبەتاڵی دەکات (4) جلیکانی تێدایە واتە(80)لیتر دەردەکەوێ کەلەبەر ئەم دزیەتیەیە نەوتە دەکەنە ناو بەرمیل بۆهاولاتیان یاخود ولاتی کورد بە.......دەزانن.

* رۆژی هەینی 20-7-2007 ئۆتۆمبیلێکی زۆر لەبەردەم بەنزینخانەی(بنار) لەقەزای چەمچەماڵ ریزیان گرتبوو بۆ وەرگرتنی بەنزین کەزیاترلە100 ئۆتۆمبیل دەبوو. لەناکاو یەکێک لەکارمەندەکان هات وتی کە بەنزین هاتووە بەڵام دابەشی ناکەین بۆئەوەی کەرێنمایی دابەشکردنمان بۆ نەهاتووە لەکەرکوکەوە چاوەرێ مەکەن برۆن شایانی باسە کەئەمە یەکەم جارنیە ئەم بەنزیخانەیە والەشۆفیرەکان دەکات بەتایبەت ئەم جارە کە ژمارەی فۆرمەکە یەک رۆژی ماوە بەسەربچێ بەناچاری ئۆتمۆمبیلەکان بلاوەیان پێ کرد.

رۆژی 15-7-2007 لەبازگەی پۆلیسی هاتووچۆی تاسڵوجە، ئۆتۆمبیلێکی جۆری(سدریک )ی تایبەت، کەنەفەری بەجێگەی تاکسی هەڵگرتبوو، ئەفسەرێکی بازگەکە دەیگرێ ونەفەرەکانی لێ دەستێنێ وپێ دەڵێ کە بڕی( 150000 )هەزار دینار غەرامە و ئۆتۆمبیلەکەیشت بۆ حجز، نەفەرەکان وشۆفێرەکە هەندێ هەوڵ دەدەن کە بێ سوود دەبێ، لەوکاتەدا پۆلیسێک دێت وشۆفیرەکە ڕادەکات بۆلای وهەندێ چپەچپ دەکەن ئەوێش دەچێتە لای ئەفسەرەکە هەندێ قسە دەکەن لەدواییدا پسوڵەیکی (30000 )هەزار دیناری بۆ دەکەن وشۆفیرەکەش زۆر زۆر مەمنوون بوو...